# ئەوەی سوپاسی خەڵکی نەکات؛ سوپاسی خوای گەورەیش ناکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی سوپاسی خەڵکی نەکات؛ سوپاسی خوای گەورەیش ناکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵیداوە: بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەسەی کە سوپاسی خەڵکی ناکات لەسەر چاکەکاری و یارمەتیان بۆی؛ ئەوا سوپاسی خودایش ناکات، ئەمیش بەهۆی بوونی پەیوەندی لەنێوان هەردوو کارەکە، چونکە هەرکەسێک سروشت و خووی بریتی بێت لە سوپاس نەکردنی خەڵکی و وازهێنان لە سوپاسگوزارییان، ئەوا هەمان خووی دەبێت لە سپڵە بوون بەرامبەر بە نیعمەتەکانی خودا، و کەمتەرخەم دەبێت لە سوپاسکردنی خودا لەسەر بەخشینیان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66255

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee